# دۆسیەی تایبەت بە شیعری ژنان



جۆمان هەردی



دڵسۆز حەمە



مەهاباد قەرەداغی

ئێوارەیەکی مۆری تر
لە پەنجەرە تاریکەکانی عومرەوە
دەڕوانمە تارمایی ماتی سبەینێ

چەند مەحاڵە دۆزینەوەی زیندوویێتی
لەناو قەبرستانەکاندا
چەند مەحاڵە داگیرسانی مۆمێکی تر
لەبەر ئەم ڕەشەبایەدا
چرپەی خاکی شەونماوی پڕ مەراقە
ئێوارە پڕە لە خێوی بێ سەر و شوێن
کە لەسەرەتاکانەوە
بۆ پەناگایەک دەگەڕێن بۆ ئارامی

گوناهبارم بە هەڵکردنی ڕەشەبا و
دەستپێکردنی جەنگەکان
تارماییەکان دەیانەوێ لە مندا جێیان بێتەوە

حەیف بۆ ئەستێرەکانی ڕاپێچبووی ناو
گەردەلوولی دووبەرەکی
حەیف بۆ ئەو تیشکە نارنجیە بزێوانەی
لە درزی پەنجەکانمەوە ئاوەڵا بوون

تاریکبوونی ئاوێنەکان بەردەوامە
نووسینەوەی ئەم چیرۆکە یاریکردنە بە ئاگر
شێتبوونە لەو ساتانەدا کە زۆر پێویستە
هۆشیار بین
نووسینەوەی ئەم چیرۆکە
هەوڵێکە بە دابینکردنی ساتەکان
ئەو ساتانەی بێهوودە جێمان دەهێڵن
نووسینەوەی گوناهەکان بەردەوامە
دیسان منم بۆ مەرگی ئاشتی دەگریم
دیسان منم
لە ئێوارە پڕ مەراق و مەحاڵەکانی ئێستادا
چاوەڕێی ساتێکی ترم

گوناهبارم بە مەحاڵیی ئەم چیرۆکە
گوناهبارم بە دابەشبوون

## ئەمبولانس

**دڵسۆز حەمە**

دەستەکانی لە نور و گەرمیی هەتاوە
جوامێریی لە جوامێری زیاترە
ئەو بۆ خۆی جوامێرییە و
لەگەڵ مەسیح دوو کەرتی سێوێکی سوورن
لە دەنگهەڵبڕینێکی ناوەخت و پڕ جەسارەت
تەنهاترین
دڵتەنگترین
بەر ئاگری ئەنفالکەوتووی گەرمەسێر و
شەقڵنکردنی تاریکی یەکجار چڕی
وێرانبوون و
چۆڵبووندا هات
ئەو ڕۆژێک هات مردن لە حەساری ئێمە
سەرقاڵترین سەرگەرمی بوو
هێندە دڕ بوو لافاوی زبری قڕکردن
بوار نەبوو گەروو بە ژێکانی بڵێ:
"ئاخۆ کەی دەگەڕێنەوە؟"
خوێن بە دەماری خۆی بڵێ: "هێشتا ماویت؟"
من بە تۆ بڵێم: "لەوەتەی هەم چاوەڕێتم
ئەو پێویست بوو بێت، تا ژیان وێرانتر نەبێ
وڵات چۆڵ و
من تەنهاتر.
لەوەتەی زەمین نەخۆشە
ئەو لوقمانی حەکیم و
لەوەتەی ئاسمانیش زەوی فریوو دەدات
زەمینیش جارێ زەلیلە و
قەدەرێکیش مەریەمێکی خیانەتکار
ئەو پەیامی داگیرسانی ڕۆحی کوژاوەی ئەستێرە و
ڕاچەنینی دڵی بێفەڕی بەر پەتاکەوتووی
زەلیلی و دڵ بە بەرد بوونە.
پەنجەکانی ئەو دەگمەنە
هەر دەگمەنترین ئەفسانەیە
لە مێژووی شیفای ئازار و
بەخشینەوەی جاویدانی و
ڕامکردنی پرچی مندا
بیرم بێ پێش هاتنی ئەو بە تەنها ڕۆژێک نەژیاوم
لەو تێپەرێ کەس دڵی وا کون نەکردووم.

بەسەر پردی ترسناکی پەیوەندیدا
چەند ترسناکە ژنێتی؟!
ڕەنگە ئەوە شاسواری ترسنۆکی بێت لە بەرگی سەوزی مەهدیدا
ئەوە خاشاکی زبڵی ئەغیار بێ
بە ناوی عەتری عەشقەوە.
تەمومژی سیاساڵی خۆشویستنە
جانتاکەم پڕی ئەشکەنجە و
لێوانلێوی ڕامنەبونێکی بکوژ و
دڵتەنگی زۆر بکوژترم
چەند پێویستە حزوری ئەفسانەیی ئەو کە پێم دەڵێ:
"بە یاقوتی ئەم ئازارانەوە تۆ جوانی
بە ئەشکەنجەی ئەم خاچانەوە تۆ زیندوی
مردووان کەی خەمیان هەیە؟!"
یاری من سەرقاڵە سەرقاڵ
ئەمبولانسەکەی پڕ پڕە
لە ئاگری فریووخواردوو بە عەشقی ساڵی ساواق و نەهاتەوە،
هەوای خەمۆکی تەنهایی
ئاوی پیر بوو بە ژانی براکانەوە
خۆڵی موعتاد لە بێئومێدی بارین و
گەڕانەوەی ئەوانەی قەت نایانەوە
هەروەها
لاشەی ئازیزی خۆشویستن
لە فەسڵی مەرگ و پیربووندا
ئەو زوو گوتی:
"زەمین نەخۆشتر کەوتووە
ساغەکان خەڵتانن لە ئێش
تیا دەچن... تیا
نەخۆشەکان باش و سەرحاڵ، دەمێننەوە
عەشق نەخۆشتر کەوتووە.
دەستەکانی لە شکۆی جاویدانییە
دەنگخۆشترە لە کردنەوەی دەرگاکانی ژووری ئیعدام
لە ٩١/٣/٧دا
پێویستترە لە پرژانی عەتری خۆشویستن
بە تەنهایی ژنانی پاش بەجێمان دا.
بە قسەکانی سەرخۆشم
بە دەگمەنی و جەسارەتی، شەیدایە شەیدا ژنێتیم
لەو تێپەرێ کەس دڵی داگیر نەکردووم
شەیدابوونم بە تۆ نەبێ
لە دەستم دێ لە هەمو قەیدێ ئازاد بم.
ئەو ڕۆژانەی یەکجار تاریکی میزاجم... ڕووناکترە
دەمخاتە پێشرەفتی شەرگەکان و دەڵێ:
"تەنها ئێرەی زەمین ساغە،
بە قووڵایی گریانی تۆ و
هەوری گڕ و خۆڵەمێشی ئەو چاوە یەکجار جوانانەت
دڵنیام من ساڵگاری تەنهایی دەمرێ
زەمین چاکتر دەبێتەوە."
کە عەتری قسەکانی ئەو
لە قژمەوە دەڕژێتە ناو دەستی کۆڵان
گوێم لێیە ژنان پێم دەڵێن: "خۆزگەمان بە خۆت!
من هەر کاتێ لە باوەشی باسکی پۆڵایینی ئەو دەردێم
ئاوسم بە دووانەی شیعر و خۆڕاگری."

نیسانی ٢٠٠٠

## لەژێر ساباتی ماچێکدا

**مەهاباد قەرەداغی**

ساوایەتیی و خوایەتییە عەشق!
یان ساوایە، یان خوایە، عاشق!

جار نا ساوایە!
لەبەر دەروازەکانی مەراق و تەنیایی و خەوندا
گڕوگاڵێتی، خەڵتانی ئەسرینە، تا تریفە نەبێ بە
لانکەی هەدا نادا، تا گزنگ ماچی نەکا ناخەوێ.

هەندێ جاریش خوایە!
گەردوونێ لە پەڕەی گوڵ، سەمفۆنیایەک لە خورپەی
دڵ،
ئاسمانێ لە ماچی زیبوین و، زەمینێ لە زایەڵەی ئەڤین
دەئافرێنێ.

داهێنەرە عەشق!
لە مەنگی دەریا، شەرابێ بۆمەستبوونی هەستەکان،
ئاوێنەیەک بۆ جوانبوونی مەبەستەکان دەسازێنێ..
وێرانکەرە عەشق!
دەوێرێ لە خووڕی شەپۆلەکان بومەلەرزەیەکی لەززەت
بهەژێنێ، گڕکانێک لە جەستەی جووتێ پەپوولە
هەڵبگیرسێنێ!

ساوایەتییە ئەو ساتانەی لەژێر ساباتی ماچدا
پەپوولەکان ..
لە لێواری لێوە لە هەنگوینی ئەڤین لێوانلێوەکان
سەماییەکی سادە و شل و مل دەکەن!

خوایەتییە ئەو خولەکە پڕ لە خەتایانەی کە پەنجەکانی
خەیاڵ ختوکەی لاملی دوو جەستەی خەولێکەوتوو لە
ئامێزی خەون دەدەن!

ساوایەتییە، سەودایەتی!
ساتەکانی شەلاڵ بوون لە عەتری عەشق، خەڵتانبوون
لە یەکتری، نقوومبوون لە خوایەتی!
شەیدایەتییە خوایەتی!